

ژیلە ڕۆستەم

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانی:

# هیوام ئەوەیە وەک یاریزانێکی کوردستانی لە ئاستی دنیادا ئەنجامی باش بەدەست بێنم

دیمانە: کارزان کانەبی

ژیلە ڕۆستەم یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یاری گۆڕەپان و مەیدانە، بەتایبەت لە یارییەکانی ماوە درێژ هەرچەندە ماوەیەکی زۆریشە بۆ هیچ یانەیەك یاری نەکردووە، بەڵام بەهۆی ئاست بەرزییەوە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانی کردووە بە ئامانجی زیاتر گرنگیدان بە تواناکان و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەتر لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو. ژیلە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی شاری هەولێرە و لە ئێستادا لە تەمەنی نەجەوانییە و لە هەوڵی ئەوەدایە چەندین ریکۆردی نوێ بە ناوی خۆی تۆماربکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

*** چۆن بوو خۆت لە نێو دونیای وەرزش دۆزییەوە؟**

-وەکو هەمــوو یاریزانێك من هــەر لە منداڵییەوە خولیای ئەوەم هەبوو بێمە ناو دونیای وەرزشەوە، دوای ئەوە بەرەبەرە لەگــەڵ بینینــی وەرزش لــە کوردســتان، منیــش هاتمە ناو دونیای وەرزشییەوە.

*** بۆچی یاری گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد بەتایبەتی یاری ماوە درێژ؟**

- لــە راســتیدا مــن لە ســەرەتای دەســتپێکردنم بە وەرزش حــەزم لــە گۆڕەپــان و مەیــدان نەبــوو، پێشــتر لــە هونەری جەنگییــەوە دەســتم پێکــرد، دواتر خولیام بــۆ راکردنی ماوە درێژ پەیدا بوو، دەمزانی لەوە زیاتر سەرکەوتوو دەبم، بۆیە رووم لە یارییەکانی راکردنی ماوەدرێژ کرد.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- نەخێر، بە لای منەوە یارییەکی زۆر خۆشــە و دەمێکە هیوام هەر ئەم یارییە بووە.

*** ئاستی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە کوردســتان چۆن دەبینی؟**

- باشــە، بــەڵام زۆر نــا، ئەگــەر ســەیری وڵاتانــی دیکە بکەیــن، دەبینیــن گرنگییەکــی زۆر بــە یاریزانــان دەدرێ، بــەڵام لــە کوردســتان کەم شــتی وا هەیە کــە گرنگییەکی زۆری پێ بدرێت.

*** پێتوایە دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چی بکرێت ؟**

-پێویســتە لە ســەر مامۆســتایان و شــارەزایان لە بواری وەرزش گرنگیی زیاتر بدەن بەم یارییە بۆ ئەوەی زیاتر پێش بکەوێت، یاریزانانیش بتوانن ئەنجامی باش بەدەست بهێنن، ئەنجامی یاریزان بە ئەوانەوە پەیوەستە.

*** تۆ لە هیچ یانەیەك یاریت نەکردوە کێ بەهرەی تۆی دۆزییەوە؟**

-نەخێــر، من پێشــوتر لــە هیچ یانەیەك یاریــم نەکردووە، سوپاســی مامۆســتاکەم دەکــەم کــە توانی بەهــرەی من لە وەرزشی گۆڕەپان و مەیداندا بدۆزێتەوە.

*** تــۆ لــە ئێســتادا یەکێکــی لــە پاڵەوانــەکان، بۆچــی گرێبەستت لەگەڵ یانەیەکی شاری سلێمانی ئەنجامدا و بۆچی لە شارەکەی خۆت نەمایتەوە؟**

- لە راستیدا خۆم هەر حەزم کرد پێوەندی بــە یانەیەکــی بــاش بکــەم، چونکــە لــە هەولێــردا هیچ یانەیەك نییە پشــتگیری لــە کچان بکات، بەتایبەتــی لــە گۆڕەپــان و مەیــدان، ئەگــەر هەبێت ئــەوا مــن بــە دڵنیاییــەوە تاکو کۆتایی بۆ ئــەوان ئەنجامی باش بەدەستدێنم.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چین؟**

-وەکــو ســەرەتایەکم لــە نــاو گۆڕەپــان و مەیــدان جیــاواز لەوانــی تــر توانیــم لــە ســەرەتای دەســتپێکردنم ئەنجامــی باش بەدەســت بهێنم، بۆ یەکمجاریش بەشــداری پاڵەوانێتی کوردستانیش بکەم و ئەنجامی باش بەدەست بهێنم.

***جگە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان هیچ یارییەکی ترت ئەنجام نەداوە؟**

-بەڵــێ پێشــوتر یارییەکانــی هونــەری جەنگیــم ئەنجام داوە، لەوێش توانیومە ئەنجامی شایســتە بەدەســت بهێنم، بەڵام بەهۆی هەندێك کاری تایبەت بەخۆم نەمتوانی لەم یارییە بەردەوام بم.

*** هیواو و ئاواتت لە وەرزش کردن چییە؟**

-بە هیوای ئەوەم کەوا کچان زیاتر بەشداری لە یارییەکانی وەرزش بکەن، بۆ ئەوەی وڵاتی ئێمەش پێشبکەوێت و زیاتر لە ئێستادا گرنگی بە وەرزشی کچان بدرێت.

*** وەرزشکردن رێگری لە خوێندنەکەت ناکات؟**

- نەخێــر، هەرگیــز رێگــری لــێ نەکــردووم و گرنگــی زۆریشــم بــە خوێندنەکــەم داوە. هەروەهــا زۆر سوپاســی مامۆســتا مــوژدە نــوری دەکەم کــە لە بواری وەرزشــەکەم زۆر یارمەتی داوم.

*** هیچ یانەیەکی گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

-لــە ئێســتادا نەخێــر، ئەگــەر پێشکەشیشــم بکــرێ رەتیدەکەمــەوە، تاوەکــو مامۆســتاکەم بڕیــار نــەدات. مــن هیوام ئەوەیە وەك یاریزانێکی کوردستانی لە ئاستی دنیادا ئەنجامی باش بەدەست بێنم.

***خانەوادەکەت تاچەند هاوکارتن؟**

-خانەوادەکەم زیاتر لەوەی رێگەیان داوم، زۆر پشتگیریشم دەکەن من سوپاسیان دەکەم، سوپاسی دایکی خۆشەویستم دەکەم ئەو بناغەی ژیانی منی دروست کرد.

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی بەردەوامی یاریزانان لە شــار و شــارۆچکەکانی کوردستان، هەروەها سوپاسی هەریەك لە مامۆستا فەرمانی راهێنەرم و دایکی خۆشەویستم دەکەم و لە کۆتاییدا هیوادارم کچان گرنگی زیاتر بە وەرزش بدەن و کاتی بۆ تەرخان بکەن.

# جامی نەتەوەکانی ئەورووپا فەرەنسا ٢٠١٦

## گوڵان خشتەی یارییەکانی یۆرۆ بەکاتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە

رۆژی شەممە ٢٠١٥/١٢/١٢ لەشاری پاریس و لەژێر چاودێرییەکی توندی ئەمنیدا ئاهەنگی راکێشانی تیروپشکی پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا فەرەنسا ٢٠١٦ بەڕێوەچوو بەبەشداری چەندین ئەستێرە لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا، کەپێشتر نازناوەکەیان بەدەستهێناوە وەك داڤید تریزیگە و لیزارازۆ لەفەرەنسا و رۆد گوڵێت لەهۆڵەندا و ئۆلیڤەر بیرهۆف لەئەڵمانیا و ئەنتوان بانینکا لە کۆماری چیك و ئەنجلیۆس خارستیاس لە یۆنان، لەم یۆرۆیە کە لەرۆژی ٢٠١٦/٦/١٠ تا ٢٠١٦/٧/١٠ یارییەکانی بەردەوام دەبێت بۆ یەکەمجار ٢٤ هەڵبژاردە بەشدار دەبن کە بەسەر ٦ گرووپ دابەش کران بەم شێوەیە :

ئامادەکردنی: سالار جەلال

| گرووپی١ | گرووپی٢ | گرووپی٣ |
| --- | --- | --- |
| فەرەنسا | ئینگلتەرا | ئەڵمانیا |
| رۆمانیا | رووسیا | ئۆکرانیا |
| ئەلبانیا | وێلز | پۆلەندا |
| سویسرا | سلۆڤاکیا | ئێرلەندای باکوور |

| گرووپی٤ | گرووپی٥ | گرووپی٦ |
| --- | --- | --- |
| ئیسپانیا | بەلژیکا | پورتوگال |
| کۆماری چیک | ئیتالیا | ئایسلەندا |
| تورکیا | کۆماری ئێرلەندا | نەمسا |
| کرواتیا | سوید | هەنگاریا |

### خشتەی یارییەکانی قۆناغی گروپەکان بەکاتی هەولێری پایتەختی کوردستان بەم شێوەیە دەبێت:

■ **رۆژی هەینی ٢٠١٦/٦/١٠ :**

فەرەنسا * رۆمانیا گروپی یەکەم لە شاری پاریس کاتژمێر ١٠ی شەو

■ **رۆژی شەممە٢٠١٦/٦/١١ :**

ئەلبانیا * سویسرا گروپی یەکەم لە شاری لانس کاتژمێر ٤ی ئێوارە
وێلز * سلۆڤاکیا گروپی دووەم لەشاری بۆردۆ کاتژمێر ٧ی ئێوارە
ئینگلتەرا * رووسیا گروپی دووەم لەشاری مارسیلیا کاتژمێر ١٠ی شەو

■ **رۆژی یەکشەممە ٢٠١٦/٦/١٢ :**

تورکیا * کرواتیا گروپی چوارەم لە شاری پاریس کاتژمێر ٤ی ئێوارە
پۆلەندا * ئێرلەندای باکوور گروپی سێیەم لەشاری نیس کاتژمێر ٧ی ئێوارە
ئەڵمانیا * ئۆکرانیا گروپی سێیەم لەشاری لیل کاتژمێر ١٠ی شەو

■ **رۆژی دووشەممە ٢٠١٦/٦/١٣ :**

ئیسپانیا * کۆماری چیك گروپی چوارەم لە شاری تۆلۆز کاتژمێر ٤ی ئێوارە
کۆماری ئێرلەندا * سوید گروپی پێنجەم لەشاری پاریس کاتژمێر ٧ی ئێوارە
بەلژیکا * ئیتالیا گروپی پێنجەم لەشاری لیۆن کاتژمێر ١٠ی شەو

■ **رۆژی سێشەممە ٢٠١٦/٦/١٤ :**

نەمسا * هەنگاریا گروپی شەشەم لە شاری بۆردۆ کاتژمێر ٧ی ئێوارە
پورتوگال * ئایسلەندا گروپی شەشەم لەشاری پاریس کاتژمێر ١٠ی شەو

■ **رۆژی چوارشەممە ٢٠١٦/٦/١٥ :**

رووسیا * سلۆڤاکیا گروپی دووەم لە شاری لیل کاتژمێر ٤ی ئێوارە
رۆمانیا * سویسرا گروپی یەکەم لەشاری پاریس کاتژمێر ٧ی ئێوارە
فەرەنسا * ئەلبانیا گروپی یەکەم لەشاری مارسیلیا کاتژمێر ١٠ی شەو

■ **رۆژی پێنجشەممە ٢٠١٦/٦/١٦ :**

ئینگلتەرا * ویلز گروپی دووەم لە شاری لانس کاتژمێر ٤ی ئێوارە
ئۆکرانیا * ئێرلەندای باکوور گروپی سێیەم لەشاری لیۆن کاتژمێر ٧ی ئێوارە
ئەڵمانیا * پۆلەندا گروپی سێیەم لەشاری پاریس کاتژمێر ١٠ی شەو

■ **رۆژی هەینی٢٠١٦/٦/١٧ :**

ئیتالیا * سوید گروپی پێنجەم لە شاری تۆلۆز کاتژمێر ٤ی ئێوارە
کۆماری چیك * کرواتیا گروپی دووەم لەشاری سانت ئیتیان کاتژمێر ٧ی ئێوارە
ئیسپانیا * تورکیا گروپی دووەم لەشاری نیس کاتژمێر ١٠ی شەو

■ **رۆژی شەممە ٢٠١٦/٦/١٨ :**

بەلژیکا * کۆماری ئێرلەندا گروپی پێنجەم لە شاری بۆردۆ کاتژمێر ٤ی ئێوارە
ئایسلەندا * هەنگاریا گروپی شەشەم لەشاری مارسیلیا کاتژمێر ٧ی ئێوارە
پورتوگال * نەمسا گروپی دووەم لەشاری پاریس کاتژمێر ١٠ی شەو

■ **رۆژی یەکشەممە ٢٠١٦/٦/١٩ :**

سویسرا * فەرەنسا گروپی یەکەم لە شاری لیل کاتژمێر ١٠ی شەو
رۆمانیا * ئەلبانیا گروپی یەکەم لەشاری لیۆن کاتژمێر ١٠ی شەو

■ **رۆژی دووشەممە ٢٠١٦/٦/٢٠ :**

سلۆڤاکیا * ئینگلتەرا گروپی دووەم لە شاری سانت ئیتیان کاتژمێر ١٠ی شەو
رووسیا * ویلز گروپی دووەم لەشاری تۆلۆز کاتژمێر ١٠ی شەو

■ **رۆژی سێشەممە ٢٠١٦/٦/٢١ :**

ئێرلەندای باکوور * ئەڵمانیا گروپی سێیەم لە شاری پاریس کاتژمێر ٧ی ئێوارە
ئۆکرانیا * پۆلەندا گروپی سێیەم لە شاری مارسیلیا کاتژمێر ٧ی ئێوارە
کرواتیا * ئیسپانیا گروپی چوارەم لە شاری بۆردۆ کاتژمێر ١٠ی شەو
کۆماری چیك * تورکیا گروپی چوارەم لەشاری لانس کاتژمێر ١٠ی شەو

■ **رۆژی چوارشەممە ٢٠١٦/٦/٢٢ :**

هەنگاریا * پورتوگال گروپی شەشەم لە شاری لیۆن کاتژمێر ٧ی ئێوارە
ئایسلەندا * نەمسا گروپی شەشەم لە شاری پاریس کاتژمێر ٧ی ئێوارە
سوید * بەلژیکا گروپی پێنجەم لە شاری نیس کاتژمێر ١٠ی شەو
ئیتالیا * کۆماری چیك گروپی پێنجەم لەشاری لیل کاتژمێر ١٠ی شەو



## * خشتەی یارییەکانی قۆناغی ١٦

**ڕۆژی شەممە ٢٠١٦/٦/٢٥**

دووەمی گروپی یەکەم * دووەمی گروپی سێیەم لەشاری سانت ئیتیان کاتژمێر ٤ی ئێوارە    یاری ژمارە ١

یەکەمی گروپی دووەم * باشترین سێیەمی گروپەکانی ١و٣و٤ لەشاری پاریس کاتژمێر ٧ی ئێوارە    یاری ژمارە ٢

دووەمی گروپی چوارەم * باشترین سێیەمی گروپەکانی ٢و٥و٦ لەشاری لانس کاتژمێر ١٠ی شەو    یاری ژمارە ٣

**ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٦/٦/٢٦**

یەکەمی گروپی یەکەم * باشترین سێیەمی گروپەکانی ٣و٤و٥ لەشاری لیۆن کاتژمێر ٤ی ئێوارە    یاری ژمارە ٤

یەکەمی گروپی سێیەم * باشترین سێیەمی گروپەکانی ١و٢و٦ لەشاری لیل کاتژمێر ٧ی ئێوارە    یاری ژمارە ٥

یەکەمی گروپی شەشەم * دووەمی گروپی پێنجەم لەشاری تۆلۆز کاتژمێر ١٠ی شەو    یاری ژمارە ٦

**ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٦/٦/٢٧**

یەکەمی گروپی پێنجەم * دووەمی گروپی چوارەم لەشاری پاریس کاتژمێر ٧ی ئێوارە    یاری ژمارە ٧

دووەمی گروپی دووەم * دووەمی گروپی شەشەم لەشاری نیس کاتژمێر ١٠ی شەو    یاری ژمارە ٨

## * یارییەکانی قۆناغی هەشتەم

**ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٦/٦/٣٠**

براوەی ١ * براوەی ٣ لەشاری مارسیلیا کاتژمێر ١٠ی شەو    یاری ژمارە ٩

**ڕۆژی هەینی ٢٠١٦/٧/١**

براوەی ٢ * براوەی ٦ لەشاری لیل کاتژمێر ١٠ی شەو    یاری ژمارە ١٠

**ڕۆژی شەممە ٢٠١٦/٧/٢**

براوەی ٥ * براوەی ٧ لەشاری بۆردۆ کاتژمێر ١٠ی شەو    یاری ژمارە ١١

**ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٦/٧/٣**

براوەی ٤ * براوەی ٨ لەشاری پاریس کاتژمێر ١٠ی شەو    یاری ژمارە ١٢

## *قۆناغی پێش کۆتایی

**ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٦/٧/٦**

براوەی ٩ * براوەی ١٠ لەشاری لیۆن کاتژمێر ١٠ی شەو    یاری ژمارە ١٣

**ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٦/٧/٧**

براوەی ١١ * براوەی ١٢ لەشاری مارسیلیا کاتژمێر ١٠ی شەو    یاری ژمارە ١٤

## *یاری کۆتایی

**ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٦/٧/١٠**

براوەی ١٣ * براوەی ١٤ لەشاری پاریس کاتژمێر ١٠ی شەو







# زاخۆ پارەی یاریزانانی خولی کوردستان دابین دەکات

هەرچەندە ئەم وەرزە گرفتی دارایی سەرجەم یانەکانی تووشی کێشە کرد، بەتایبەتی بۆ خولەکانی کوردستان و عێراق و تەنانەت هەندێك لە یانەکان بڕیارندا بەشداری کێبڕکێیەکان نەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یانەکان گرێبەستیان لەگەڵ چەندین یاریزانی ناو شارەکان و دەرەوەی شارەکان کردووە، هەمووشیان سەرقاڵی خۆئامادەکردنن، یانەی زاخۆش جیاواز لە سەرجەم یانەکان کە یانەکەیان لە دوو خولی جیاواز بەشداری کردووە و ماوەیەکە گرێبەستی لەگەڵ یاریزانانی خولەکان بەستووە، بەڵام جیاواز لە هەردوو خول کارگێڕانی تیپەکە زیاتر پشتیگری تیپی عێراقیان کردووە و پارەی گرێبەستیان بۆ ئەوان دابین کردووە، یاریزانانی خولی کوردستانیش داوای بڕی پارەکانیان دەکرد، لەم بارەشەوە خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا ئێمە سەرقاڵی ئامادەکارییەکانمانین بۆ هەردوو خول، خولی کوردستانیش لای ئێمە گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە، ئێمە چۆن کە پارەی خولی عێراقی یاریزانانی خۆمان دابین دەکەین، بە هەمان شێوازیش بەڵێنمان داوە پارەی یاریزانانی خولی کوردستان دابین بکەین کە مافێکی سرووشتی خۆیانە و ئێمەش لەسەرمانە دابینی بکەین و لە نزیکترین کاتیش بۆیان دابین دەکەین، بەڵام لە رووی خولی عێراق کە بەهێزترە و گرێبەستی زۆرمان کردووە و هێزی خۆمان زیاتر بۆ خولی عێراق تەرخان کردووە، بەڵام تیپی کوردستانیشمان پشتگوێ نەخستووە و گرنگی تەواومان پێداوە کە ئەمساڵ سەرجەم یاریزانانی تیپەکە کوردن و خەڵکی شاری زاخۆن، ئەوەش بۆ ئێمە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ شارەکەمان تاوەکو بتوانین بەم یاریزانانە کێبرکێ ئەمجامی باش بکەین.» لە بارەی گرفتەکانیش خەلیل گوتی: ئێمەش وەك سەرجەم یانەکانی کوردستان قەیرانی دارایی قووڵمان هەیە، بەڵام خۆ هەر نابێت پاشەکشە بکەین و دەبێت بەردەوام بین لە خولەکان، گەرچی مووچەی چەند مانگێکی یاریزانانی خولی کوردستانمان لایە و نەمانداوە، ئەوەش مافێکی خۆیانە بۆ ئەوەی لە داهاتوو بۆیان سەرف بکەین، هەوڵ دەدەین لە خولی کوردستانیش وەکو خولی عێراق کاری باشتر بۆ تیپەکەمان بکەین.



# بێ پارەیی بەرنامەی تێنسی سەرمێزی سلێمانی تێکدا

لەگەڵ ئەوەی تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی وەرزشی سلێمانی خاوەنی نازناوی خولی عێراق و کوردستانن جگە لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی خولی یانەکانی عەرەبی لە وڵاتی میسر، ئەمساڵیش تیپەکە بەنیازی ئەوە بووە کە وەکو بەرنامەی خۆیان تیپی جۆراوجۆر بکەنەوە بۆ مەشقدانەوە، بەڵام نەبوونی توانای دارایی باش لە ئێستادا بۆتە گرفت لەبەردەم بەردەوامبوونی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان. سەیفەدین فەتاح راهێنەری تۆپی سەرمێز لە یانەی سلێمانی، سەبارت بەو گرفتانەیان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بەرنامەمان هەیە بۆ مەشقدانەوە و دروستکردنی یاریزانان، بەڵام ئەوە پێویستی بە پارە هەیە، خۆشتان دەزانن راهێنەران پێویستیان بە مووچەیەکی باشە، تاکو ئێستاش دیار نییە کە تاکو کەی ئەم قوتابخانەیە بەردەوام دەبێت بۆ پێگەیاندنی یاریزانان، ئەم قوتابخانەیە پێوستی بە دابینکردنی راهێنەرانە، ئەوانیش دەبێت بودجە و پارەیان بۆ دابین بکرێ، یانەی سلێمانیش تاکە یانەیە کە بەردەوام گرنگی بە یارییەکانی تۆپی سەرمێز دەدات و یاریزانانی ئەم یانەیەش زۆربەی پاڵەوانن، ئێمەش کەمتەرخەمی ناکەین لە دروستکردنی یاریزانان، بەهیوای ئەوەشم بە زووترین کات ئەم بارودۆخە بە کۆتایی بێت و یاریزانی باشتر بۆ یانەکان درووستبن.

# گرفتی دارایی بەربەستە لەبەردەم یانەی پێشمەرگەی هەولێر

لەگەڵ ئەوەی وەرزی رابردوو یانەی وەرزشی پێشمەرگەی هەولێر یەکێك بوو لەو یانانەی کە لە یارییەکانی خول نایابی یانەکانی کوردستان توانی ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنێت، بەڵام رەنگە ئەمساڵ تیپەکەی هاوینە هەواری پیرمام جیاواز بێت لە چاو یانەکانی دیکە، چونکە گرفتی دارایی قووڵ بەرۆکی یانەکەی گرتووە. بۆیە ئەم وەرزە بۆ چوونە نێو کێبڕکێیەکان یانەکە ئامادەکارییەکانیشی وەکو پێوست نییە و نەیتوانیوە کەمپی مەشقیش لە دەرەوەی وڵات ئەنجام بدات، جگە لەوەی مووچە و گرێبەستی یاریزانانی تیپەکە دابین نەکراوە.

سەمیر سەدیق راهێنەری تۆپی پێی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی هەولێر لە بارەی دۆخی یانەکەیان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «مەشقەکانی خۆمان دەست پێکردووە، بەڵام مەشقەکانمان زۆر باش نەبووە، چونکە گرفتی دارایی بۆتە بەربەست لە بەردەممان. ئێمە بە قووڵی دووچاری ئەم گرفتە بووین، جیاواز لە سەرجەم یانەکانیش تاکو ئێستا ئێمە ماوەی زیاتر لە چوار مانگە هیچ مووچەیەکی یاریزانانمان نەداوە، چونکە ماوەی زیاتر لە پێنج مانگە هیچ بڕە بودجەیەك وەرنەگیراوە لەلایەن یانەکەمان بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن مووچەکان دابین بکەین، ئەوەش گرفتێکی گەورەیە بۆ تیپەکەمان، جگە لەوەش ئێمە بە یاریزانانی خۆمانمان گوتووە دەبێ سەبریان هەبێت بۆ پێدانی گرێبەستەکانیان، ئەوانیش بەڵێنی ئەوەیان داوە کەوا چاوەڕێ بن بۆ ئەوەی پارەکانی ئەوانیش بدرێت لە داهاتوو. لە بارەی ئاستی تیپەکەش سەمیر گوتی: «ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان ژمارەیەك یاریزانانمان لە تیپەکانی تر و ناوشاری هەولێر هێناوەتە یانەکەمان، بەڵام ژمارەیەك یاریزانانیشمان ریزی تیپەکەیان جێهێشتووە، ئەوەش بۆتە گرفت بۆ ئێمە، بەڵام هەوڵ دەدەین بتوانین ئەنجامی باش تۆماربکەین.